www.kurdistannet.org
16-10-2006 7:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز سەرکەوت کوبە بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی سلێمانی

سەبارەت/ دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک

ماوەی لەدوو هەفتە زیاترە، نووسەری گەورەی گەلەکەمان ( (حەمە سەعید حەسەن) ) لەلایەن بەکرێگیراوێکەوە دراوەتە بەر گوللە. بەڵام هەتاکو ئێستا دەستگیر نەکراوە. ئێمە لێرەوە بەپێی ئەو هەواڵانەی پێماندەگات ڕۆژانە لەگەرەک و شەقامی سابوونکەرانی شاری سلێمانی دەبینرێ و شەوانەش دەچێتەوە ماڵی خۆیان لەگەڕەکی شێخ محێدین. ئەم واقیعە تاڵە بۆتە هۆی ئەوەی ئێمەو خەڵکانێکی زۆر گومان لەجدییەتی هەوڵەکانی ئێوە بۆ گرتنی ئەو (متهم) ە پەیدابکەین.. تکایە بەڕاستی و سووربوونەوە، هەوڵەکانتان بخەنە کار بۆ دەستگیرکردن و دانی بەداگا، تاکو بەسزای یاسایی بگات.. ئەگەرنا هەموولایەک بەشێوەیەکی دیکە ئەم بەسەرهاتە ناڕەوایەی کە دژ بەکەسایەتییەکی هەرە دیارو ناوداری گەلەکەمان کراوە لێکدەدەنەوە.. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز.

ئیمزا: مولازم یادگار حەمە فەریق
yadgar@ofir. dk
2006/10/15